**ملخص**

البحث العنوان ب إمكانات التنمية (الســياحة الأثرية والتاريخية والدينية) في قضــاء الكفري إلى إظهار إمكانيات الســياحة الأثرية والتاريخية والدينية وكيفية تنمية في قضــاء الكفري، والتي وهو احد من المبادئ المهمة لتنمية السياحة ويمكن الاستفادة منها مدار العام، ومشكلة الدراسة إلى أنه على الرغم من إن وجود هذه الإمكانات لم يتمكن من الاستفادة منها لتصبح سبباً لجذب السياح وإنعاش المنطقة اقتصادياً، وذلك بسبب نقص الخدمات والبنية التحتية المتخلفة والاستثمار الاقتصادي.

ولتحقيق هدف البحث استخدمنا المنهجين (الوصــفي والمبدئي) وباســتخدام نظام المعلومات الجغرافية، وأخيرا تو صل البحث إلى عدد من الا ستنتاجات منها أن قضاء كفري يحتوي على العديد بقايا المعالم الآثار التاريخية والدينية والقديمة التي تعود إلي العصر إلى الآشوري والفارسي الأخميني، وتتميز بمناظر طبيعية خلابة تجذب السياح من إقليم كردستان والعراق، ولذلك ننصح بالاهتمام بالسياحة بشكل عام والسياحة الأثرية والتاريخية الدينية بشكل خاص. ولأن المنطقة غنية بالعديد من المواقع الأثرية، فيمكن تنمية الأنشـطة السـياحية فيها، وسـيكون ذلك مفيداً اقتصـادياً كبيراً لسكان المنطقة.

**مفتاح الكلمات: السياحة، التنمية، الآثار الدينية والتاريخية، قضاء كفري**

**Abstract**

The research title is Development potential (archaeological, historical and religious tourism) in Al-Kafri district to show the potential of archaeological, historical and religious tourism and how to develop it in Al-Kafri district, which is one of the important principles of tourism development and can be used throughout the year, and the problem of the study is that despite the existence of these potentials, it has not been possible to benefit from them to become a reason for attracting tourists and revitalizing the region economically, due to the lack of services, backward infrastructure and economic investment. To achieve the goal of the research, we used the (descriptive and preliminary) approaches and using the geographic information system, and finally the research reached a number of conclusions, including that Al-Kafri district contains many remains of historical, religious and ancient monuments dating back to the Assyrian and Persian Achaemenid eras, and is characterized by picturesque natural landscapes that attract tourists from the Kurdistan Region and Iraq, so we recommend paying attention to tourism in general and archaeological and historical religious tourism in particular. Because the region is rich in many archaeological sites, tourism activities can be developed in it, and this will be of great economic benefit to the residents of the region.

**Keywords:** Tourism, Development, Religious and Historical Sites, Kfri District

بۆ ســاغکردنەوەی بەروبوومی کشــتوکاڵی و ئاژەڵداری خەڵکی ناوچەکە و ناوچەکانی دەوروبەری، چونکە ئەڵقەیەکی بەستنەوە بووە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران، دەکەوێتە سەر ڕێگای زیارەتکارە ئێرانییەکان کە ساڵانە زیارەتی شــوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلایان کردووە، هەروەها کەوتبووە ســەر ڕێگای هاتوچۆی قافڵە بازرگانییەکانی نێوان ئێران و بەغدا (حەمید، 2024، ل12). ئەمە جگەلەوەی چەندین پاشماوەی شوێنەواری مێژوویی و ئاینی کۆن لەخۆدەگرێت کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی ئاشــوری و فارســە ئەخمینییەکان، لە ســەرەتادا ســەرقاڵی گەڕان و جێگۆڕکێ بوون بە دوای خۆراک و حەوانەوەدا گەڕاون، لە کاتی پێویســتدا پەنایان بردۆتە بەر ئەشــکەوت و پەنەگەکان، دوای ناچاربوون ئەشکەوتەکان جێبهێڵن و بەرەو ئەوە بچن گوند و شار و لە قوڕ و بەرد بەشێوازی سادە و ساکار دروست بکەن (باقر، ١٩٥٥، ص١٠).

شاری کفری لەرووی کارگێڕییەوە ئەم ناوچەیە سەر بە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بووە تاوەکو(١٩١٨/٤/٢٨)ز، ناوەندی قەزا بووە بە ناوی صــلاحیە، دواتر لەســەردەمی دەوڵەتی عێراقدا لەســاڵی (1921) ناوی گۆڕدرا بۆ کفری لەســەردەمی حکومەتی پاشــایەتیدا هەردوو ناحیە (شــێروانە و پێباز) پێوەلکێنرا (عبدالله، 2012، ل36)، بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی (1947) سنوری ئیداری شارەکە لە ناوەندی شار و ناحیەکانی (شێروانە، قەرەتەپە، پێباز) پێکهاتووە، تاوەکو سەرژمیری ساڵی (1957) خرایە سەر بە پارێزگایی کەرکوک بوو، دواتر بە مەرسومی کۆماری دەخرێتە سەر پارێزگای دیالە (غفور، 2014، ص104)، دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم (1992) و دامەزراندی پارێزگای کەرکوک کە ناوەندەکەی لە شــاری دەربەندیخان بوو دەخرێتە ســەر پارێزگای کەرکوک لە دوای هەڵوەشــاندنەوەی پارێزگاکە و دامەزراندنی ئیدارەی گەرمیان لەرووی کارگێرییەوە لە ئێستادا سەر بە ئیدارەی گەرمیانە و سنوری ئیداری شارەکە هەر یەکە لە ناحیەکانی (کۆکس، ســەرقەڵا، نەوجول، ئاوەسپی) سەنتەری شاری کفری لەخۆدەگرێت (تالیب، 2024، ل424)، نەخشەی (2).

سەبارەت بە دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی (2023) گەیشتۆتە (42285)کەس، بە رووبەری (5275)کم2 واتە بەڕێژەی لە (47.9%) کۆی رووبەری ســنور ئیداری گەرمیان پێکهێناوە، بە گەورەترین یەکەی کارگێڕی ئیدارەکە دادەنرێت (کریم، 2023، ل4). خشــتەی (1). هەروەها لەرووی پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەییەوە پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاوازەکان (کورد، عەرەب و تورکمان) سیمایەکی دیاری شاری کفرییە، پێداگری لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتی نێوانیان دەکەن، کە لەخۆشــی و ناخۆشــیدا هاوبەشــی یەکتر و بەتەنگ یەکەوەن، ئەوەش بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە تێکەڵاوی زۆر دروست بووە، نەتەوەی کورد بەشێکی زۆر دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، هەرە زۆر موسڵمانی سوننە مەزهەبن(دەلۆ، ٢٠١٩، ل ١٤٤).


**دووەم: شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی**

شاری کفری یەکێکە لە شارە سەر بە ئیدارەی گەرمیان لە ناوچەیەکی دەشتایی، دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، کە سەنتەری شاری کفری پێکدێنێت لە ڕۆژهەلات باکوری ڕۆژهەڵات ناحیەی ســەقەڵایە و لە باشــور ناحیەی جەبارە و لە بەشــی ڕۆژئاوای ناحیەی زینانە هاوســنورە لەگەڵ ناوچەی

لێکۆڵینەوە، شارەکە دەکەوێتە نێو سنوری ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان، کە (47)کم لە سەنتەری ئیدارەی گەرمیانەوە دوورە (احمد، ٢٠١٨، ل١٥١)، نەخشەی(1) .

نەخشەی (1)

ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان و قەزای کفری



سەرچاوە : حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی شاری کفری، بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٣.


ئەم شوێنە بایەخێکی تایبەتی بە ناوچەکە بەخشیووە بەوەی هاوسنورە لەگەڵ هەندێک ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان (دوزخورماتو، جەبارە، قەرەتەپە، ...هیتر)و چەند ناحیە و قەزایەکی ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای سلێمانی، ئەمەش پێگەییەکی ئابوری و بازرگانی گرنگی هەیە، لەبەرئەوەی چەندین رێگای گرنگی پیادا تێپەڕ دەبێت و ها سنورە لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق، ئەمەش بایەخێکی زۆری دەبێت لە رووی بازرگانییەوە، چونکە کفری لە کۆندا دەوازەیەکی بازرگانی و ئابوری گرنگ بووە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل و شمەک. لەلایەکیترەوە دەتوانێت زۆرترین ژمارەی گەشتیاران بۆ خۆی ڕابکێشت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بەتایبەتی گەشتیارانی ئێران و باشور و

ناوەراســـتی عێراق، چونکە نزیکترین مەڵبەندی گەشـــتوگوزاری شـــوێنەوارییە، بەهۆی بوونی چەندین شـــوێنەواری مێژوویی و ئاینی لەشارەکەدا.

شـوێنی ئەسـترۆنۆمی، بە تایبەتی هەڵکەوتن بەپێی بازنەکانی پانی، وەک تایبەتمەندییەتی ڕەگەزەکانی ئاوهەوا و جۆری رووەکی ســـروشـــتی و ئاژەڵی کێوی و جۆری خاکەکەی لەلایەک چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتی و چۆنییەتی دابەشـــبوونی دانیشـــتوان لەلایەکیترەوە، بە هۆکارێکی کاریگەر لە دیاریکردنی ڕاواڵەتە ســـروشـــتی و مرۆییەکان دادەنرێت، کە لەو ناوچەیەدا هەیە، دواجار دەتوانین ئەو ناوچە گەشـــتوگوزارییانە دەســـتنیشـــان بکەین، کە توانای ڕاکێشانی گەشتیاریی هەیە، لەگەڵ ئەو ناوچانەی دەبنە شوێنی داواکاری لەسەر گەشتوگوزار، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کاتی گونجاو بۆ چالاکیە گەشـتوگوزارییەکان و جۆرو شـێوازەکانی گواسـتنەوە، هەریەکە بەپێی ئارەزوو مەبەسـتی گە شتیاران (ڕە شید، 2007، ل 38). سەبارەت شاری کفری دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (0"، 40'، 34°)، (0"، 42'، 34°)ی باکورو هەردوو هێڵی درێژی (30"، 56'، 44°)، (00"، 58'، 44°) خۆرهەڵات، نەخشەی(2).

نەخشەی (2)

شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری کفری




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە بەکارهێنانی Arc GIS Arc Map V 10.2



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

